گۆشەی سێبەرێکی تر

گۆشەیەکی تایبەتە" کامەران سوبحان"

دوو هەفتەجارێك لەئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ دەینوسێت

**لەبارەی کۆنفراسی شانۆکاران لە ئەوروپا**

لەبەیاننامەیەکدا کە لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا بڵاوکرایەوە، بڕیارە شانۆکارانی کورد لە ئەوروپاو لەشاری (کۆڵن) ی ئەڵمانیا دووەمین کۆنفراسی شانۆکاران ببەستن، ئێستاش ئامادەکاری بۆبەستنی ئەو کۆنفراسە دەکرێت لەلایەن چەند شانۆکارێکی خەمخۆر لەئەوروپا، هەرچەندە من بۆخۆم پێم وایە ئەم هەوڵانەی ئەوروپاو ئەوانەی کوردستانیش بەردێك ناخاتە سەر بەرد لە بونیادی ماڵی شانۆ لەم وڵاتەدا، چونکە پێش هەمو شتێك شانۆ پەیوەندی بەبیرکردنەوەو ترادیسیۆن و جۆری پەیوەندیەوە هەیە، ڕەنگە لای هەموشمان ڕون بێت ئەم چەمکانە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا لەچ دۆخ و بارێکدایە، بەڵام دەشبێت هەوڵی ئەو شانۆکارانە سەرباری سەختی فۆڕمی ژیانی پەناهەندە لەئەوروپا ئەوان بەئومێدێکی زۆرەوەوە دەیانەوێت بەشێك لەمەزنایەتی ئەم هونەرە بۆ میللەتەکەیان بپچڕن، ئێستاش کە لەسەرەتاکانی بەستنی ئەم کۆنفراسەدان پێم خۆشە بەسەرە قەڵەم و چەند پەڕەگرافێك بەشداری ئەم هەوڵە بکەم لە چڕکردنەوەی بۆچوون و سەرنجەکانم لەسەر ئەم کۆنفراسە:

*هەروەك لەبەیاننامەکەیاندا هاتووە، هەنگاوی داهاتوو پێویستمان بە (بەپلان وڕێکخستن ولێزانی وپسپۆڕی و کات وپارە هەیە) پێم وابێت ئەم بەشانە بۆخۆی بابەتی چەندین کۆنفراسن، دەکرێت ئەم پێویستیانە چڕبکرێتەوە تەنها لە (پسپۆڕی و پلان)، چونکە یەکێك لەگرفتە سەرەکیەکانی شانۆکاری کورد لەئەوروپا بەبۆچونی من نەبونی ئەم دو خاڵەیە، بەداخەوە دەڵێم هەمو ئەو شانۆکارە جدیانە کە ئێستا لەئەوروپان بەشێکی زۆر کەمیان توانیویانە درێژە بەلایەنی تیۆری وئەکادیمی شانۆبدەن و زیاتر لەوبوارەدا پسپۆڕی وەربگرن، تەنانەت زۆرجار هەندێکیان گرفتیان فێرنەبونی زمانی ئەو وڵاتەیە کەتێیدا دەژین، جا شانۆکارێك نەتوانێت فێری زمان بێت، چۆن دەتوانێت لەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژی گوتاری شانۆی ئاڕاستەبکات، مەگەر تەنها نمایش بۆ بینەری کورد بکات!! لەکاتێکدا ئەولیاتی کارکردنی شانۆکاری ئێمە لەئەوروپا ئاڕاستەکردنی شانۆیە بەزمانێکی ناکوردی بۆ ئەوەی ئەم هونەرەمان سکێچێکی جیهانی هەبێت نەك لۆکاڵی..

*خاڵێکی تر لەبەیاننامەکەدا باس لە پەیوەندی نێوان شانۆکارانی کوردستان و ئەوروپا دەکات، پێم وابێت ئەم پەیوەندیەش پێویستە لەسەر ئەساسی لینکێکی هونەرییانەی بێ موجامەلەکردن بێت، بەشێوازێك بەردەوام هەوڵی ئەم کۆنفراسانە جەختکردنەوەبێت لەسەر ئاڵوگۆڕی زانیاریی شانۆیی و هونەریی وجێگۆڕکێکردنی شانۆییە جدیەکانی کوردستان بۆ ئەوروپاو بەپێچەوانەشەوە، ئەمە جگە لەهەوڵدان بۆ بانگێشتی پسپۆڕان و ئەکادیمیەکانی شانۆی ئەوروپی بۆ کوردستان، لەگەڵ هاو هەڵوێستی شانۆکارانی ناوەوەو دەرەوە بۆ نەهێشتنی گرفتی شانۆکاران لە کوردستان، بەتایبەتی لە ڕوی سنورداركردنی ئازادیە هونەرییەکان لەکوردستان لەلایەن ڕێکخراوی هونەرمەندان و وەزارەتی ڕۆشنبیریی و پاوانکردنی زۆربەی کارەکان بۆ چەند کەسانێکی ناپسپۆڕو هەماهەنگی لەگەڵ شانۆکارانی کوردستان لە هەڵمەتی ڕیفۆرم لە کاری هونەرییدا، کە ئێستا سەرەتاکانی دەستی پێکردوە.

*هەوڵدان بۆ خۆقوتارکردن لە دروشم و دروشم بازی کە بەداخەوە یەکێك لەگرفتە سەرەکیەکانی شانۆکاران..سالأنە چەندین سیمینارو بەناو کۆنفراس لەکوردستان بۆ مەبەستی قەیرانی شانۆو قەیرانی بینەرو

**نەبونی دەقی شانۆیی و ...هتد سازدەکرێت، بەبیٚ ئەوەی ئەم هەولاٚنەی ناوەوەی ولاٚت توانیبێتی هەنگاوێکی گەورە بەشانۆ بدات.**

**ئاواتە خوازم کۆنفراسەکەی ئێوەش بەدووربێت لەم هەولاٚنەو ئێمە لەکوردستان چاوەڕێی هەولٚەکانی ئێوەین و بەوهیوایەی سەرنجەکانم بەشدارییەکی بچوك بێت لەکۆنفراسەکەتان...**

kameransubhan@yahoo.com